scottish refugee council

Kurdish

# هێنانی ئەندامانی خێزان:

## پەنابەران یان کەسانێ کە لە ژێر پاراستنی مرۆڤدۆستانەدان

---

**ئەو زانیاریانەی خوارەوە یارمەتیتان دەدات کە پێش چاوپێکەوتنی راوێژکارێک یان پارێزەرێک لەبۆ قسەکردن لە پێوەندی لەگەڵ هاتنی ئەندامانی خێزان، زۆرترین زانیاریی و بەڵگەی مومکین دابین بکەن.**

ئەگەر لە ژێر **بارودۆخی پەنابەریەتی یان** پاراستنی **مرۆڤدۆستانە دان** و دەتانەوێت یەکێ لە ئەندامانی خێزانی خۆتان لەبۆ ژیان لای ئێوە بهێنن بۆ نێو سنووری یەکیەتی پاشایەتی، پێویستە ئەو بابەتانەی خوارەوە بسەلمێنن:

- ئەوەی کە ئێوە بارودۆخی پەنابەریتان هەیە. بۆ نموونە، بەڵگەی بارودۆخی کۆچبەریی.
- ئەوەی کە ئەوان خزمی ئێوەن و پێش ئەوەی کە مەجبوور بن بۆ بەجێهێشتنی وڵاتی خۆتان، پێکەوە ژیاون. بۆ نموونە بەڵگەیەکی هاوسەریێتی یان ناسنامە یان بەڵگەی زەرمندالی، وێنەی زەماوەند یان خێزانی.
- ئەوەی کە ئێوە هێشتاکو بەردەوام لەگەڵیان لە پەیوەندیدان. بۆ نموونە، کارتەکانی تەلەفۆن، نامەکان، پەڕاوەکانی هەڵمەتی گواستنەوەی پارە.

**ئەندامی خێزانی ئێوەش دەبێت ئەو بابەتانەی خوارەوە بۆ باڵیۆزخانەی یەکیەتی پاشایەتی بسەلمێنێت:**

1) لە پێوەندی لەگەڵ شوو/هاوسەر/هاوژینی مەدەنی[1]
- هەردووکتان تەمەنتان 21 ساڵ یان زۆرترە.

2) لە پێوەندی لەگەڵ مندال (و هەروەها زەرمندال)
- ئەوەی کە ئەو کەمتر لە 18 ساڵ تەمەنیەتی و سەڵتەو سەربەخۆیانە ناژییێت. (ئەگەر تەمەنی مندالەکەتان نزیکەی 18 ساڵە، تکایە دەستبەجێ داوای راوێژکاریی بکەن- ئێوە دەبێت پێش رۆژی لەدایکبوونی 18 سالانی ئەو دەست بەکار بن.)

3) لە پێوەندی لەگەڵ دیکەی خزمان
- ئەوەی کە ئەوان هێستاکو وەکو خزمی ئێوە لە ئەژمێر دەدرێن، بۆ نموونە، پارەیان بۆ دەنێرن یان تەنیا و بەساڵاچوون، یان وەکو خزمی نزیکی ئێوە لە قەڵەم دەدرێن، و:
- ئەوان بۆ ژیان لای ئێوە ناچارن و شیاوی دلۆڤانین[2] ائەمە واتە ئەوان ژیانێکی هەستەمیان هەیە و کەسێک نییە کە لێیان چاودێریی بکات.

**دیکەی زانیاریە گرنگەکان:**

- هەموو بەڵگە سەرەکیەکان دەبێت بکرێنە ئینگلیزی.
- ئەگەر ئەندامی خێزانی ئێوە پاسپۆرت یان بەڵگەیەکی شوناسی هەیە، ئەم بەڵگەیە بۆ پێشکەشکردنی داواکاریی یارمەتیتان دەدات.
- ئەوان ئێستاکە لە چ هەلومەرجێکدا و لای کێ دەژین؟ چ کەسێک پشتگیریان دەکات؟ بۆچی ئەوان چیدی لەوێ ناژین؟

---

1 داریکردنی یاسایی پێوەندی دوو کەسی هاوجینس
2 وەرگیراو لە وتەکانی یەکەی سیاسەتدانانی وەزارەتی ناوخۆ بۆ IAT لە 29ی جوونی 2004 دا

**ئەو بەڵگە بەکەڵکانەی کە دەتوانن بۆ راهاتن لەگەڵ یاساکان پێشکەشیان بکەن**

| راهاتن لەگەڵ یاساکان | نموونەگەلێ لە بەڵگەکان |
| --- | --- |
| بارودۆخی پەنابەریەتی یان پاراستنی مرۆڤدۆستانە | بەڵگەی بارودۆخی کۆچبەریی ئێوە<br>بەڵگەکانی سەفەرکردنی ئێوە |
| پێوەندی/ئەندامێکی خێزان | بەڵگەی هاوسەرێتی ئێوە<br>ناسنامە یان بەڵگەی زڕمنداڵی بۆ منداڵ<br>وێنەکانی زەماوەند یان خێزانی ئێوە |
| پەیوەندی بەردەوام | کارتەکانی تەلەفۆن یان دەنگە تۆمارکراوەکان<br>نامەکان<br>پەڕاوەکانی گواستنەوەی پارە |

## چ کەسێک دەتوانێت یارمەتی بدات؟

ئەنجومەنی پەنابەریەتی سکۆتلەند لێرە بەدواوە خزمەتگوزاریەکانی هێنانی ئەندامانی خێزان پێشکەش ناکات. بەوەشەوە، پارێزەرەکەتان دەتوانێت یارمەتیتان بدات. ئەگەر پارێزەرتان نییە یان دەتانەوێت پارێزەری خۆتان بگۆڕن، ئێمە دەتوانین ناو و ناونیشانی پارێزەرانی یاسایی پێشکەشتان بکەین.

هەروەها کە لەسەرەوە ئاماژەکرا، ئەگەر بە مەبەستی پێشکەشکردنی ئەم داواکاریەن، تکایە دڵنیا ببنەوە کە هەموو پێویستیەکان و بەڵگە پێوەیستەکانتان بەر لە پێشکەشکردنی داوکاریی ئامادە کردبێت.

scottish refugee council

**The Scottish Refugee Council** 5 Cadogan Square,
(170 Blythswood Court) Glasgow G2 7PH
**راوێژکاریی تەلەفۆنی بەخۆڕایی: 0800 085 6087**
**ئیمەیل:** info@scottishrefugeecouncil.org.uk
**ماڵپەڕ:** www.scottishrefugeecouncil.org.uk
ژمارەی تۆماری دامەزراوەی خێرخواز: SC008639

OISC